

# ئەم دیمەنە خۆت کێشاوتە

ئەدیب نادر
(بریتانیا)

زۆرجار کپیی بەڵگەی ناشرینییە، ژنەکەم پاش قاوەڵتییە ساردوسڕەکە، دەمودەست وای وت و پێشی وتم: دەزانی ئەم ماوەیە تابڵێی ناشرینی و تەنیا بە تووڕەیی دەتوانی سەرتاپای ناشرینییەکانت بەر با بدەیت؟ بیرم کردەوە شتێک بڵێم، بەڵام ورتەم لێوە نەهات. هەر تەنیا بۆ ئەوەیش هەست بە زیندوێتی خۆم بکەم، ماڵم بەجێ هێشت و بە پێ لۆژلۆژ بەرەو سەنتەری شار ڕۆیشتم. چاوم بە هەر لایەکدا دەگێڕا، هەر ئاراستەیەکم بە نیگا دابێژا، درەختەکان تیایدا قڕ کرابوون و دیوار جێی گرتبوونەوە. یانی ئیدی جێگایەک نەمابووەوە پێیەکانمان هەنگاوەکانی خۆیانی تێدا بەرهەڵدا بکەن. نەک هەر ئەوە، زۆر شتی بێ ئەژماری تریش ڕوویان دابوو، لەوانە جریوەی چۆلەکە و گمەگمی کوکوختییە بێ شومارەکانیش گوێیان نەدەسمی. چاخانەکەی لای مەحکەمە ئاوەزمی بە قسە هێنا و بڕیارێکی بەلەزی ختووکە دا، بە خۆم وت: دەڕۆمە ئەوێ چایەک دەخۆمەوە و ئەو چەند درەختەی دەوریشی حەتمەن خاووخلیچکییەک بە تاریکبینییەکەم دەبەخشن، بەڵام لەوێش هیچ شتێک نەمابوو!

نازانم بۆ وەکو دزێکی تازەکار پەیم بە خۆم برد و ناشییانە چاوم بە هەموو لایەکدا گێڕا بەبێ ئەوەی تاقە تووڕەییەک چییە چاوەکانم بکەن بە چوارچێوە، چاو لە هەموو لایەک هەر بە ناشرینی ئاشنا دەبوو، ئەم کپییە هەموو لایەکی تەنیبووەوە. وتم چیدی پیاسە کەڵکی نەماوە، با چایەکەم فڕ کەم و بڕۆمەوە، ئەویش دەقاودەق بە شرووبێکی تاڵ دەچوو! ناچارانە وەکو منداڵێکی نەخۆش و دەردەدار هێواش هێواش کەوتمە هەڵقوڕاندنی. لەو ئانوساتەدا گوێم بەو چەند گوزارەیە زرینگایەوە کە هەموو ڕووداوەکانی تەمەنمی لەخۆیدا کورت دەکردەوە، لەولامەوە چەند کەسێک خەریکی کاوێژکردنەوەی شتەکانی ڕۆژ بوون، یەکێکیان، بەوەدەچوو بە خۆشباوەڕیی ئەوانی تر دەهری بووبێ، بێ بەزەییانە دەریپەڕاند: بەخوا هەر هەمان تاس و هەمان حەمامە، بەڵام ئێوە کوێرن! ئەوەی ئێوە دەیڵێن قسەیەکی زۆر

ساویلکانەیە، بەڕاستی دەڵێی سی ساڵە کاژفڕێدانتان بیرچۆتەوە و گەورە نەبوونە! یەکەوڕاست کەسیرەییەکی ناکاوانە یەخەی گرتم، بەڵام هەر زوو خۆم لێ ڕاپسکاند و بە لاچاوێک نیگام ئاراستەی ئەو لایە کرد کە قسەکان لێوەی دەهاتنە بەر گوێم. گەنجێکی ڕیش تەنک بە تۆنێکی نیمچە تووڕەوە هەڵیدایێ: دەتەوێ چی بڵێی؟ ئەم بارودۆخە هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە؟ ئەوی یەکەمیش زۆر بە ئاسانی و وەکو ئەوەی هیچ بیرێکیش لە وەڵام نەکاتەوە، بەڕوویەکی درەوشاوەوە وتی: ڕێک ئەوەم مەبەستە، بەم شێوەیە- دەستێکی ڕاوەشاند وەکو ئەوەی بڵێت بەم دانیشتنە- ئەستەمە بە شەقڵێکی تری بارودۆخەکەمان ئاشنابین! تاس بردنەوەیەکی تابڵێی تاڵ و ناخۆش ئەندێشەی داگرتم و بەدرێژایی ڕێگاکەیش وای لێم کرد گوێم لە زریکەی پێیەکانم بێت و هەست بەوە بکەم بەناو دڕکستانێکی بێ ئاماندا ڕەت دەبم و خوێنم لێ دەچۆڕێتەوە. بەژێر سێبەرەکانی بناغە تۆکمەکەی قەڵای شاردا، بە سستی هەنگاوە بە ئازارەکان ڕێنمایی گەڕانەوەیان کردم و بیریشم هەر لای ئەوە بوو کە قەت ئەستۆم لە نیری ئەم بارودۆخە ڕەها نابێت. درەنگێک، بە بیرکردنەوە لە ڕووداوەکانی ئەم دواییە و هەموو ئەوانەی تەنیا و تەنیا بە مەترەی تەمەنەکان دەپێوران، گەیشتمەوە ماڵێ، گەرچی درەنگیش نەبوو، بەڵام تاریکایی تەنیا دنەی خەوی دەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا هەستم کرد خەوتن زیناکردنێکی لەبووردن نەهاتووە بەرانبەر بەو حاڵ و بارەی ئابڵووقەی داوم، وەلێ چی لەگەڵ جەستەیەکدا بکەم کە بەدەست تێفکرینێکی سەرومڕەوە ڕەتاوە، بەدەست ئەو سەرزەنشتە بەردەوامەوە هەلاهەلا بووە کە بێ لێبڕ خۆی پێ شەرمەزار دەکات و دەڵێت: تەنانەت دۆنکیشۆتێکیش نیم، نەک هەر ئەوە، بگرە بەدەست ڕەنج بەخەساری و دوورینەوەی هیچ و شتی تریش، کۆڵی پێدراوە و تابڵێی لە ژیانی خۆی وەڕسە.

ئاخرییەکەی خەو هەر زینای پێ کردم، بەڵام زینایەک وەکو ئەوە وابوو بە پەنجەکانم ئەنجامی بدەم نەک بە...چونکە پتر بە وشە یەکتربڕەکان دەچوو، ڕێک وابوو، هەنێ خانەی پڕپڕ بوون و گەلێکیشیان بۆش و بەتاڵ. چی بڵێم؟ بیر دەکەمەوە، هەموو شتەکانم بە تێکەڵی لەلادا بەرجەستە دەبن، خەو هاتووەتە ناو سنوورەکانی بێدارییەوە، بەڵام بەرلەوەی بێداریش سنوورەکانی خەو ببەزێنێ، ئەو بەیانییە بە بەرجەستەیی هاتەوە ناو چوارچێوەی کەڵکەڵە قووڵە بە بیرکردنەوە لەوتاوەکەی بەر لە چاو لێکنان و چوونە ناو مردنە کاتییەکەوە. ئەو بەیانییە، وەک هەموو بەیانییەکانی تر، باخچەکەمان وەکو لەپی دەست وابوو، نا نا ڕاستییەکەی بە سەربانێکی سواخدراو دەچوو، تاڵە گیایەکیشی تێدا نەبوو، ئاوڕشێنێکم کرد بۆ ئەوەی نەختێک ڕوخسارە سەحراییەکەی بشێوێنم و بۆنی خاکیش ئاشنای سییەکانم بکەمەوە. لەسەر یەکێک لە کەرپووچەکانی دەورەکەی شتێکی سەوزئامالم بینی بە ئاستەم دەجووڵایەوە، وا هاتە بەر چاوم یەکێک بێت و بیەوێ پانتۆڵێکی تابڵێی تەسک لەبەر خۆی داکەنێ، یان پەرییەکی دەریایی بێت و لەسەر کەنارێکدا هەوڵی ئەوە بدات بە خشکەخشک بگەڕێتەوە ناو دەریا. لاپڕەسەنی چاویلکەکەی پێ هێنام و لێی نزیک و نزیکتر بوومەوە، ئینجا زانیم زیکزیکەیەکە و خەریکی کاژفڕێدانە. هەستی بە میکرۆسکۆب بوونێکم تێگەڕا و بە وردی دیقەتم دا، دەتگۆ ئافرەتێکە و بە بەرەژانی منداڵبوونەوە ئازار دەچێژێ. تۆزێ ئاوم پێداکرد، وەک بڵێی بمەوێ دەستگیرۆیی بکەم تاوەکو زووتر لە مەینەتییەکەی قوتار بێت. دار هەرمێکە بۆ قەدەرێک بیرمی کەمەندکێشی خۆی کرد و لێی غافڵگیر بووم، کە نیگاکانم سەرلەنوێ ئەو ئاراستەیەیان گرتەوەبەر، لەو شوێنە ترازابوو، لە ژێر گوڵەباخە کوڵەبنەکەدا تەکانی بەتینتری بۆ ئەوە دەدا خۆی لەو قاڵبە ڕەقوتەقە و لەو مێروولە بێڕادانە بڕەخسێنێ کە تێی ورووکابوون، تۆزێک ئاوم بە مێروولەکاندا کرد، هەستم کرد دیسانەوە مەبەستم یارمەتیدانێتی، بەڵام هیچ شتێک ڕووی نەدا. نازانم بە چ شتێکی ترەوە سەرقاڵ بووم، نیو سەعاتی تر تێپەڕی و شوێنی تاینم بەسەر کردەوە، بینیم زیکزیکەکە وێنەی ئۆتۆمبێلێکی لێهاتووە کە لە کۆڕەوێکدا پەکی کەوتووە و جێهێڵراوە، مێروولەکانیش وێنەی خەڵکانێک تێی ورووکاون، دەڵێی فیتەرن کەوتوونەتە وێزەی تاکو هەڵیوەشێننەوە، ئەویش هەر لنگەفرتێیەتی و ئەوانیش وەک بڵێی بێ لێبڕ لە کردنەوەی بورغووەکان بەردەوامبن، ئەگەرچی ئەم کەینوبەینە زۆری پێچوو هەتا لەکاریان خست، وەلێ ئەوەندە بە دڵ و بەگیان خەریکی ئیشەکەیان بوون، بوونە هۆی ئەوەی ئاسۆی دنیایەکی تر بە بیرکردنەوەم ببەخشن و بەخۆم بڵێم: بریا ئێمە مێروولە بووینایە!!

ئیتر چاوەکانم کۆڵیان داو ئاگام لەخۆم بڕا.

ناڵێم کاتێ هەستام، دەڵێم کە چاوم کردەوە، چونکە خەوتنەکەم تەنیا چاو نووقاندن بوو، کەشوهەوایەکی سەرودڵگر و مۆتەکەئاسا زەفەری بە دڵ و دەروونم برد و سەراپا سیحری سروشت و بوونی لێ بەتاڵ کردمەوە. هەستم کرد دەڵێی قاڵبێکم، قاڵبێکی بۆش و بەتاڵ،

قالّبێک، کە هونەرمەندێک بۆ چێکردنی پەیکەرێک ئامادەی کردووە و دواجار لێی پاشگەز بووەتەوە و پشتگوێی خستووە. بایەکی تەپوتۆزاوی هەڵەشەیش بەگژ خوڵک و خوومدا چوو، چاوێکی بێ ئومێدانەم بە دەوروبەردا گێڕا و بیرم بۆ ئەوە چوو بەم شێوەیە شار شێوەی گۆڕستان لەخۆ دەگرێت، هەموو شتێک نوقمی تۆزوخۆڵ دەبێت. یەکەوڕاست ئەم بارەم وا پەرچڤە کرد کە سروشتیش ڕەنگدانەوەی ئەو سەروبەندەیە کە بەسایەی خەڵکەکەوە شەقڵی وەرگرتووە.

بێ گومان زەوق و مەزاجم، سالانێک بوو، وەکو پاشەڕۆی لێهاتبوو، بڵێیت و نەڵێیت لە نەختە پەڵپ و بیانوویەک دەگەڕا دارێک لەخۆی وەربدات و بە هەراسانییەکی ناخۆشترم بسپێرێت. سەرباری هەموو ئەمانە، هاوینیش بوو. هاوینێک وەک بڵێیی مانگی ڕەمەزان بەرۆکی گرتبێ. دوێنێش کە لە چایخانەکەدا دانیشتبووم، ڕاستییەکەی بەو شێوەیە پەیم بە هاموشۆکەران برد وەک ئەوەی بەڕۆژوو بن. چاوەکانم گەرما وشکەکە زەفەری پێبردبوون و دەتگۆ مشتێ خوێیان تێ کراوە. کتوپڕ مۆچیارییەکەی دوکتۆر محەمەد نوورەدینم هاتەوە یاد: چاوەکانت بە گەرمای بەتین گوشاریان بەرز دەبێتەوە، دەبێ زوو زوو بە سەهۆڵ گوشاریان دابەزێنی و فێنکیان بکەیتەوە، ئیتر خۆبەخۆ بەرەو سارنجۆکەکە خل بوومەوە، دەرگا بچۆلانەکەی سەرەوەیم ڕاکێشا، بۆنێکی بۆگەن هورووژمی هێنایە دەرەوە، هەندێک ئاو لەناویدا گۆلاوی بەستبوو، دەستێکم بۆ ئەو تەڕاییەی ناوەوەی برد، فریام نەکەوت، منیش لەبەر ئەوەی دەمێکە سارنجۆک لەماڵەکەمدا بۆتە دۆلاب، نەفرەتم بە هەموو لایەکدا بەرهەڵدا کرد، وەک بڵێیی نەفرەتەکان کۆمەڵێک شەمشەمەکوێرەی ناو ئەشکەوتێکی هەزار بە هەزار بن و لەپڕێکدا فرتەی بۆ بکەنە دەرەوە. دنیاکە ئەوەندەی تر لێم بوو بە چەرمە چۆلەکە. پێچێک، پێچێکی سەیر بە سکمدا هات، چاوێکم بە خۆمدا گێڕا، تەنیا شۆرتێکم بە بالامەوە بینی، زانیم شەوێ لەتاو گەرماکە هەموو شتێکم لەبەر خۆم داماڵیوە، چنگ لەسەرشان خۆم کوتایە توالێتەکە.

ئەو کاتەی لە پاشەڕۆکێکی شل شل خاڵی دەبوومەوە، سەرەتا ڕەجەبی پاڵەوانی ڕۆمانێکی مونیفم هاتەوە یاد و پاشان کتوپڕ مارف عومەرگوڵی هاوڕێی گەنجیی خۆمم بیرکەوتەوە، بەڕاستی هەندێ بارودۆخی ڕۆژانە سەیرە و هەڵوێستی سەیر و سەمەرەت بیر دەخەنەوە. منیش ئەو کاتەم بیرکەوتەوە کە لە زیندان بەربووبوو و لەگەڵ نوعمان دڵسۆزدا سەردانیمان کرد، شتگەلێکی زۆرمان لەمەڕ زیندان و ئەشکەنجە و زۆر شتی تریش وت و گوێ لێ بوو، بەڵام ئەوەی وەکو پەیکەرێکی بالابەرز لە گۆڕەپانی یادەوەریمدا سەرکەش مایەوە، ئەوەبوو کە وتی: کە لە زیندان دەبیت، هیچ شتێک هەندەی خۆخاڵیکردنەوە خۆش و ئاسوودەکەر نییە..ئیتر کە لەبەردەم ئاوێنە زەبەلاحەکەی لای دەستشۆرەکە ڕاوەستام، ئۆخژنێکی بەتام دەروونی فێنک کردمەوە، هێشتا شڵپێ ئاوم لە سیمام نەدابوو، ئاوێنەکە لەبەرانبەرمدا بوو بە زارێکی ئەفسانەیی، دەتگوت خشۆکێکی بێ هاوتایە و بە زمانە درێژەکەی پەلاماری مەگەزێک دەدات و هەڵی دەلووشێت. منیش ناگەهان هەڵلووشران ڕاپێچی کردم، بەڵام هەستم بەوە نەکرد بە کۆمەڵێ ڕیخۆڵە، یان ئەو چاڵەی ئەلیسەکەی لوویس کارۆڵ پیایدا تلۆر دەبێتە خوارەوە، شۆڕدەبمەوە، ئاخۆ لە ئاوێنەکە خۆمم بینیبوو؟ نازانم، بەڵام ئەو ڕقەئەستوورەی دەرهەق بە خۆم بەم دوادواییانە لە ناخمدا پەیتاپەیتا دەبووژایەوە، وای کرد دەوروبەر تاریک ببینم. یەکسەر لە گۆڕەپانێکدا خۆم بینییەوە وەکو گەدەیەکی بێ تانوپۆ وابوو. دنیایەکی تر بوو! یان بەشێکی کۆن، یان تازەی هەر هەمان دنیای خۆم بوو؟ ناتوانم بڵێم، ئەوەی دەتوانم بیڵێم تەنیا یەک شتە، ئەویش ئەوەیە هەرچی دەنگێکم دەردەپەڕاند، ملیۆنان سەدای دەدایەوە. نازانم تاسبردنەوە بوو، یان تێفکرین بوو لە خەونی دەربازبوون لە شوێنێک کە زۆر لەمێژ بوو قەفەزێکی تەنگ بوو باڵی ڕوحمی لە شەققە دەخست، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بووبوو بە مۆتەکە و تیایدا هەستم دەکرد دەبێ بەخەبەر بێم بۆ ئەوەی لەو دۆزەخە قوتار بم.

بیرم لە پرسیارێک کردەوە، ئێرە کوێیە؟ گەرچی شوێنەکە پێم نامۆ نەبوو، چونکە ئەو ژیانەی من لێوانلێو بوو لەو جۆرە شوێنانە، کەچی لە هزرمەوە هیچ وەلامێک هەڵنەقوولا. وەلێ بەخۆمم وت: هەر کوێیەکیش بێت قەت لەو شوێنە خراپتر نابێ کە لێیەوە بەربوومەتە خوارێ. دەستێکم بە دەموچاومدا هێنا، تابڵێیی زبرودڕ بوو، چاوەکانیشم لەودیو چاویلکەیەکی ئەستوورتردا پەناگیربووبوون، پەنجەکانم بە تەوێڵە پانەکەمدا هەڵگژان و کەچەڵییەک لەپی دەستمی پڕ کردەوە، قژە تا سەرشان هاتووە سپییەکەم نەوازشی دەستی نەکردم. کات نازانم کەی بوو، بەڵام بەگوێرەی ئەو هەڵنوارینەم بەدەوروبەردا هەموو شتێک تاریک دەینواند، بیرم کردەوە: ئاخۆ من کەی لەم شوێنەدا بوومە؟ ئەگەرچی بە خەونێک دەچێت، کەچی من نەمبینیوە، بەڵکو هەست دەکەم تێیدا ژیاوم! تەنیا ئەوەی بەحاڵ لە بەرانبەر خۆمدا دەمبینی، پەنجەرەیەکی بچووک بوو، چاوەڕوانی ئەوە بوو دەستێک

ئاوەڵای بکاتەوە. منیش بە کوێرەکوێر، بەڵام بە پێ خشکە لێی نزیک بوومەوە، پەنجەرەیەکی چوارگۆشەیی بچووک بوو، لاپڕەسەنییەکی غەوارە تینی بۆ هێنام.. بزانم لەودیوی چی دەگوزەرێت و ویستم زووبەزوو هەردوو دەستم بکەم بە دوو مەشخەڵی ڕووناکی و ئاوەڵای بکەمەوە، بەڵام نەبوون بە مەشخەڵی ڕووناکی، بۆچی نەبوون؟ تۆزێک لە خۆم ڕامام و بەوە وەڵامی خۆم دایەوە کە ئاگردانەکەی ناوەوەم دەمێکە پەپکەی خواردووە و خامۆشە، بۆیە، ئینجا نیگەرانی بڕیارەکەمی کرمێون کرد و نەمزانی بە کام دەست؟ بە ڕاست، یان بە چەپ بیکەمەوە؟ قەدەرێک بیرکردنەوەیەکی وەڕسکەر یەخەی گرتم، بێ ڕادە سەغڵەت و ناڕەحەتی کردم، جارێک ڕاستم هەڵبڕی و بردمە پێشەوە، جارێکیش چەپم جووڵاندەوە، وەکو ئەوەی سوپای فەرماندەیەک بن و لە دووقۆڵەوە بیەوێ بیانجووڵێنێ، وەلێ تێفکرین و بگرەوبەردەی ئەو بیرکردنەوە ناماقوڵەی ڕاست و چەپ و چەپ و ڕاست، قێزیان هەستاندم و بۆ ئەوەی لە بیری بکەم، تفم لێ خستەکار، ئەوسا بێ دوودڵی و بە شێوەیەکی ئاساییانە و ڕاست و چەپ هێنان بەسەر ئەو دڕدۆنگییانەدا هەردوو دەستم ڕایەڵ کرد و هەردوو تایەکەیم خستە سەرپشت.

ئاسۆیەکی بێ ڕادە تاریک و پڕاوپڕ لەسەروسەدا و هاتوهەڵلا گەمارۆی چاوەکانیان دام و گوێچکەکانیان ئاخنیم، ئەودیو ڕووبەری تابلۆیەکی ڕینێ ماگریتانەی بە نیگاکانم بەخشی، هەستێکی ڕمۆک هەوساری کردم، ئەم پەنجەرەیە چ پێوەندییەکی بە ئاسمانەوە هەیە، ئەی ئەم ئاسۆ ڕەشە؟ بۆ درەخت نابینم، بۆ مانگ دیار نییە؟ بۆ بە بارتەقای سەرژمێریی شارەکە هەور نابینم، تا ئومێدی ئەوە لەلامدا چەکەرە بکات کە تۆزوخۆڵی نیشتووی سەر ماڵەکان و زرۆزبڵ و چڵکی قەتماغەگرتوو ڕامالێت، بۆ! بۆ! چاوەکانم وەکو دوو زیندەوەری تەمەڵ مەوداکانی تاریکییەکەیان بڕی و لە قووڵاییەکی دوور ڕامان، هەستم بەوە نەکرد پێویستیم بە تەلیسکۆپ بێت، ئەستێرەیەکم بینی، بە قنچکەیەکی گەییوو دەچوو، ڕووماڵی ئەو مەودا ئاسمانییەم کرد کە هەتەری چاوەکانم دەیانتوانی بیخەنە چوارچێوەی خۆیانەوە، لە شوێنێکی زۆر دوور نا، جەستەم گۆشەیەکی تیژی لەگەڵ زەوییەکەی ژێر پێمدا دروست کرد و ئەستێرەیەکی ترم بینی، وەکو خاڵێکی کوتراو وابوو، دەدرەوشایەوە، بەڵام زۆر لەوەی ترەوە دوور نەبوو، هەوڵم دا مەوداکانی تری ئاسمان ببڕم، شتی تر بدۆزمەوە، لە ڕەشایی بەولاوە شتێکی ترم بەرچاو نەکەوت، ناچار کەوتمە ڕامان لەو دوو ئەستێرەیە، لەخۆم پرسی: تۆ بڵێی ئەمانە ئەستێرەی خۆشبەختی ئێمە بن؟ خۆشبەختی ئێمە!! تۆ بڵێی ئەمانە ئەستێرەی ڕێنمایی کردنی کاروانی ئێمە بن بۆ گەیشتن بە قۆناغ؟ قۆناغ!! یان ئەستێرەی بەدبەختی و نەگەیشتن بن؟

ئیتر هەستی منداڵێکم تێگەڕا، ویستم دنیا ببێتە مەیدانێک و منیش هەرجارەی گۆیەک لەو دوو گۆ زیوییە بکەم بە تۆپ، بەڵام ئەفسوونەکانی منداڵیی بەتاڵ بوونەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئیدی هیچ شتێک نەدەبووە یاری و ئەم خواستەیش بە هیچ شێوەیەک نەدەهاتەدی، بۆیە ئاوەزم تەنیا و تەنیا شتێکی لێکدایەوە، ئەو شتەیش کشانی ئەستێرەکان بوو، بەڵام بۆچی؟ وەڵامەکەشم ئەوە بوو، چونکە شەویان وا لێ کردووە لێرە سەقام بگرێت، وەلێ ئەفسووس وزەی بینینم کول کول هەڵگەڕابوو، ئیتر هیچم نەدەبینی، وتم: مادامەکێ لە ڕێگای ئەم پەنجەرەیەشەوە هیچم پێ ناکرێت، مادامەکێ لە میانەیەوە دەستم بە هیچ ناگات، ئیدی چ پێویستییەکم پێیەتی؟ هەر کە ئەم چەند وشەیەم دایە بەر گوێی خۆم، بێ ڕادە دەهری بووم، بەزەبر دەستێکم بۆ پەنجەرەکە ڕایەڵ کرد، پێموابێ دەمویست بەڕووی ئەو تابلۆیەدا دایبخەم کە نیگاکانی چوارچێوە دەکردم، کەچی لە بەرانبەردا ئاوێنەکە زەبرەکەی قۆزتەوە و درزێکی سەرانسەری لە سەر ڕووەکەیدا دەرکەوت، درزێک، ڕوخساری دابەش کردم، بە وردی دیقەتم دا، قنچکەکە کەوتبووە بەشێکی ڕوخسارم و خاڵەکەیش کەوتبووە بەشەکەی تری، ئاوێنەکەیش وەکو دەمێکی بەلاقرتێ بزەی دەهات، تەماشای بزەکەیم کرد، وەکو هێنەکەی مۆنالیزا سەرسامی نەکردم، بەڵکو بێ ڕادە پێی سەغڵەت بووم، چونکە چرپە چرپێکی عەنتیکە لێیەوە سەری کرد و خۆی ئاخنییە ناو گوێچکەکانمەوە، چرپە چرپێک ناواخنی کەللەسەرمی کرد بە پوورە هەنگێکی بە وژەوژ و سەرومڕ دەیبوژاند: ئەم دیمەنە خۆت کێشاوتە. ئەم دیمەنە خۆت، مادامەکێیش قەڵەمڕەوت بەسەر ئاسمانی ناو دیمەنەکەدا ناشکێ، مادامەکێ، مادامەکێ. دەبێ زۆر، زۆر زۆر چاوەڕێی کشانی ئەستێرەکان بیت. بەبێ ئەوەی بەسەر قەمتەری خۆمدا زاڵ بم، تفێک بەسەر ڕەنگدانەوەی وێنەکەمدا شۆڕبووەوە، ئیتر خۆم بەخۆم وت: ئێستەرەم تۆ تف لەو دیوە ناشرینە دەکەیت کە وەکو گوێزێکی پووک وایە، تەنانەت کرمێکیش قایل نابێت تیایدا بکەوێتە جووڵە.

**حوزەیرانی ٢٠١٨: هەولێر**